## فێرگەی دەڵاڵان و وانەی فەلسەفە بۆ منداڵان، لە ڕاپۆرتێکی نم نم دا

*«مامۆستاکان زۆر لەگەڵمان باشن و لێمان نادەن، شتی دەرەوەی مەنهەجەکەمان فێر دەکەن»*

قوتابخانەی نمونەیی دەڵاڵان ماوەی چەند ساڵێکە لەگوندی دەڵاڵانی سەر بەقەزای رانیە بەهاوکاری ڕێکخراوی کۆمەك کراوەتەوە، لەو قوتابخانە نمونەیدا سیستمی هاوچەرخی تێدا پەیڕەو دەکرێت و پۆلەکانی خوێندیش بەشێوەیەکە جیاواز لە قوتابخانە ئاساییەکان.

ئاوات عوسمان لە ڕانیە

«*قوتابخانەکەمم زۆر خۆش دەوێت، زۆر شتمان فێر دەکەن کە پێشتر هەستمان بەو شتانە نەکردەوە*»، ئەمە وتەی هێرش محەمەدە کە یەکێکە لە قوتابیانی ئەو قوتابخانە نمونەییە.

ئەو قوتابییە ئاماژە بەوە دەدات کە لە قوتابخانەکەیاندا فێری ئەوەیان دەکەن ژینگە پاك ڕابگرن و گرنگی زۆر بەکات بدەن، «*مامۆستاکان زۆر لەگەڵمان باشنو لێمان نادەن، شتی دەرەوەی مەنهەجەکەمان فێر دەکەن*».

لە شارەوە دەچێتە گوندی دەڵاڵان،

لەنیا ئیبراهیم وەك قوتابییەك ئاماژە بەوە دەدات کە هەموو بەیانیەك لە دەرەوەی گوندەکەیەوە دەچێتە قوتابخانە نمونەیەکەی دەڵاڵان، «*لەبەرئەوە هاتوومە ئەم قوتابخانەیە، چونکە مامۆستاکانی ئەم قوتابخانەیە مامەڵاکردنو ڕەفتاریان لەگەڵمان زۆر باشەو بەشێوازێکی ئاسان فێرمان دەکەن*».

ئەو خوێندکارە ئاماژەی بەوەدا کە جگە لەوانەکانی خوێندن بابەتی دەرەکیان فێردەکەن، «*شتی دەرەوەشمان فێر دەکەن بۆ ئەوەی و ساڵانەش گەشتی زانستیمان بۆ ئەنجام دەدەن ئاستی زانیاریمان دەوڵەمەند بێت، مامۆستاکان ڕێزمان لێدەگرن*».

قوتابی لە شارەوە دێنە گوندەکە.

سابیر تەها، بەڕێوەبەری قوتابخانەکەیە و ئاماژەی بەوەدا کە کردنەوەی قوتابخانەکە بیرۆکەی ڕێکخراوی کۆمەك بوو کە ڕێکخراوێکی کوردییە و لە بواری پەروەردەدا کار دەکات، «*ئەم بیرۆکەیە هاتە ئاراوە تاکو سود لە ئەزموونی وڵاتان وەربگرین*». بەوتەی مامۆستا سابیر ئامانجیان لە کردنەوەی قوتابخانەکە ئەوەیە نمونەیەکی جوان دروست بکەن بۆ وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، «*تاوەکو بتوانن قوتابخانەکانی تری کوردستان ئەم سیستەمە پەیڕەو بکەن*»، هەربۆیە جەختی لەوە کردەوە کە بەهۆی بەرزی ئاستی خوێندن لە قوتابخانەکەیان چەندین قوتابی لەشاری ڕانیەوە دێنە قوتابخانەکەیان، «*قوتابخانەکەمان هەموو ئاستێکی قوتابیانی تێدایە، لە کۆی 170 قوتابی کە لە شوێنەکانی ترەوە هاتوون 12 قوتابی بەرپرس و دەوڵەمەندە بەرچاوەکانی تێدایە*».

خوازیاری نەهێشتنی توندوتیژین

ئیبراهیم فەیزوڵا یەکێکە لە مامۆستایانی قوتابخانەی دەڵاڵانی نمونەیی و باسی لەوە کرد کە یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانیان کەمکردنەوە و نەهێشتنی توندوتیژییە، «هیچ فێرگەیەك ناتوانێت بەبێ کۆتایهێنان بەتوندوتیژی هیچ کارێك لەسەر سیستمی تازە ئەنجام بدات».

هەروەك مامۆستا ئیبراهیم باسی کرد قوتابخانەکەیان بۆ نەهێشتنی توندوتیژی هەنگاوی زۆر باشی ناوە، «*لەماوەی چوار ساڵی کارکردنمان توانیمان ئەو ڕاستیە بسەلمێنین کە ئەم سیستمە دەتوانێت ئایندەیەکی جوان بۆ نەوەکانمان دروست بکات*».

لەلایەکی ترەوە مامۆستا چۆمان محەمەد کە ماوەی سێ ساڵە لەو قوتابخانەیە وانە دەڵێتەوە، ئاماژە بەسەرکەوتنی سیستەمەکە دەکات، «*چونکە خوێندکار لەم سیستمەدا فێری پەروەردەو فێرکردن دەبێت*».

ئەو مامۆستایە جەختی لەوە کردەوە کە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی قوتابیەکانیان لەپشووی هاویندا خولی تایبەت بۆ قوتابیەکانیان دەکەنەوە، «*خولی تایبەت بەو خوێندکارانە دەبینین کە لەچەند وانەیەکدا لاوازن تا ئاستیان بەرز ببێتەوە*».

منداڵەکان وانەی فەلسەفە دەخوێنن

جیاواز لە هەموو قوتابخانە بنەڕەتییەکانی تر، لە قوتابخانەی دەڵاڵان وانەی فەلسەفە بەزمانێکی سادە و ساکار بەمنداڵان دەوترێتەوەو مامۆستایەکی وانەکەش باس لەوە دەکات کە لەو ڕێگەیەوە فەلسەفەیان پێ دەناسێنن.

سجاد عەبدوڵا مامۆستای وانەی فەلسەفەیەو ئاماژە بەوە دەدات کە مەبەستیان لەوتنەوەی وانەی فەلسەفە تەنها ناساندنی فەلسەفەیە، *«شێوازی خوێندنی وانەی فەلسەفە لەم قوتابخانەیە دوو کتێبە یەکێکیان بەناوی پەنجاو دووپرسیارە، هۆکاری پەنجاودوو پرسیارەکەش ئەوەیە کە پەنجاودوو هەفتەمان هەیە لەساڵێکدا هەر هەفتەی پرسیارێك دەدرێتە فێرخواز لە کۆتایی هەفتەکەدا وەڵامەکەمان بۆ دەهێنێتەوە، لەو ڕێگەیەوە فێری گفتوگۆ دەبن».*

ناوبراو، باس لەوە دەکات کە ئەو وانانە بۆ ئاستەکانی پۆلی یەك تا شەش دەبێت، *«وەڵامی پرسیارەکانیشمان لەوەدا دەدۆزنەوە سێ داواکاری کراوە بۆ وەڵامدانەوە، ئەویش دەبێ توانای نوسینی هەبێت یاخود وێنە بکێشێت یاخود بەقسەکردن وەڵامی پرسیارەکەمان بداتەوە».*

لەلایەکی ترەوە ئەو مامۆستایە جەختی لەوە کردەوە کە وانەیەکی تری فەلسەفەیان هەیە بەناوی حەوت وانەی فەلسەفی، «بۆ ئەم وانەیە خوێندکارەکان بەشێوەی بازنەیی دادەنیشن مامۆستاکەش لەناو بازنەکە دەبێت بابەتێکی ناو کتێبەکە دەخوێندرێتەوە دواتر گفتوگۆی لەسەر دەکرێت و هەریەك لەو فێرخوازانەی لەناو بازنەکەن پرسیاری خۆیان دەکەن».

سەرچاوە: http://www.nnmnm.com/Detail.aspx?id=2408&LinkID=10&AspxAutoDetectCookieSupport=1